زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# وەسف لە کۆمەڵە چیرۆکی (دیجلەی تاوان)ی (حەسەن جاف)دا

## پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی زمانی کوردی کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالیوریۆس لە زانستی زمان و ئەدەبی کوردی

ئامادەکراوە لەلایەن

**هێلین عبدالقادر أنور**

بەسەرپەرشتی

**پ.ی.د.ڕێبین خلیل قادر**

**نیسان** - 2024

**ئەم توێژینەوەیە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی، بەچاودێری و سەرپەرستی من ئامادەکراوە و ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.**

**ناو و ئیمزای سەرپەرشت: پ.ی.د. ڕێبین خلیل قادر**

# سوپاس و پێزانین

- ســوپاس بــۆ پەروەردگــاری میهرەبــان کە توانــا و تەمەنــی پــێ بەخشــیم بــۆ ئەوەی ئەم توێژینەوەیە بە ئەنجام بگەیەنم .
- سوپاســی بــێ پایــان بــۆ دکتــۆری بەڕێــزم (د. ڕێبــین خلیــل) کە بە دڵێکــی فــراوانەوە ئەرکــی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەی گرتە ئەستۆ و سەرنج و تێبینیەکانی ، زانیــاری زیــاتری بە توێژینەوەکە بەخشی و لە پێناو بە ئامانج گەیاندنی توێژینەوەکەم.
- سوپاسی دایک و باوکی خۆشەویستم دەکەم کەمنیان تا ئەم تەمەنە گەورە کردووە.
- هەروەهــا سوپاســی هەمــوو ئەو مامۆســتا و هاوڕێیــانە دەکەم تەنــانەت بە وشــەیەکیش بێــت، هاوکارییان کردووم.

**پێشکەشە بە:**

1) زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی پەروەردە/ بەشی کوردی.

2) دایک و باوک و خوشک و برا ئەزیزەکانم.

هەروەها پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی

شەیدای بەرەوپێش چوونی زمان و ئەدەبی کوردین و

خوێنەری سەرسەختی چیرۆکن.

**پێرستی بابەتەکان:**


| ناوی بابەت | ژ. لاپەڕە |
| --- | --- |
| 1: پێشەکی: | 4 |
| ١-١: ناونیشانی توێژینەوەکە: | 4 |
| ١-٢: هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوە: | 4 |
| ١-٤: ڕێبازی توێژینەوە: | 4 |
| ١-٥: پلانی توێژینەوە: | 5 |
| 2: وەسف:<br>2-١: زاراوە و چەمکی وەسف: | 6 |
| 2-2: گرنگی وەسف: | 8 |
| 2-٣: جۆرەکانی وەسف: | 10 |
| 2-3-1: جۆرەکانی وەسف بە گوێرەی وەسفکراو:<br>2-3-1-1: وەسفی دەرەکی: | 10 |
| 2-3-1-1: وەسفی ناوەکی: | 10 |
| 2-3-1-1-1: شیکاری دەروونی کارەکتەرەکان: | 11 |
| 2-3-1-1-2: پشتبەستن بە وەسفی دەرەکی و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان: | |
| 2-3-1-1-3: وەسفی کورت: | 11 |

| | |
|---|---|
| 12 | 2-3-1-1-4: وەسفی درێژ: |
| 12 | 2-3-2: جۆرەکانی وەسف بەگوێرەی وەسفکەر:<br>2-3-2-1: وەسفی بابەتی: |
| 12 | 2-3-2-2: وەسفی خودی (ویژدانی): |
| 13 | 2-3-3: وەسفکردن لەسەر بنەمای رەگەزەکانی چیرۆک:<br>٢-٣-3-1: وەسفی کەسێتی: |
| 13 | ٢-٣-3-2: وەسفی شوێن: |
| 14 | ٢-٣-3-3: وەسفی ڕووداو: |
| 15 | 3: وەسف لە کۆمەڵە چیرۆکی (دیجلەی تاوان)ی (حەسەن جاف)دا:<br>٣-١: جۆرەکانی وەسف: |
| 15 | ٣-١-١: وەسفی کەسێتی: |
| 16 | ٣-١-٢:وەسفی شوێن: |
| 16 | ٣-١-٣ :وەسفی ڕووداو: |
| 17 | ئەنجام |
| 18 | لیستی سەرچاوەکان |

## پوختەی توێژینەوە:

وەسف یەکێکە لە رەگەزە گرینگەکانی چیرۆک و پێوەندییەکی بەهێزی بە رەگەزەکانی تری چیرۆکەوە هەیە، بۆیە وەسف مەودایەکی فراوان لە بونیادی چیرۆکدا داگیردەکات و رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بونیادنانی چیرۆکدا. چیرۆکنووس لە رێی وەسفەوە دەتوانێت روونکردنەوە و بەرچاوروونی زیاتر بە خوێنەر بدات و زۆرێک لە شتە شاراوەکانی ناو چیرۆک لەرێی وەسفەوە بۆ خوێنەر روون دەکاتەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەرووی گرنگی وەسف لە کۆمەڵە چیرۆکی (دیجلەی تاوان)ی (حەسەن جاف)دا، توێژینەوەکە لە سێ بەش پێک دێت. (بەشی یەکەم )پێکهاتووە لە پێشەکی و ناونیشانی توێژینەوە و هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوە و گرنگی و رێبازی توێژینەوە و پلانی توێژینەوەکە، (بەشی دووەم) تیۆریەکەیە کە پێکهاتووە لە زاراوە و چەمکی وەسف و جۆرەکانی وەسف کەسێتی-شوێن-رووداو، (بەشی سێیەم) پراکتیکییە وەسف لە کۆمەڵە چیرۆکی (دیجلە و تاوان)ی (حەسەن جاف)دا جۆرەکانی وەسف لە چیرۆکەکەدا وەسفی کەس و شوێن و رووداو. لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەروو.

## 1: پێشەکی:

وەسف ڕۆڵێکی گرنگ و بنچینەیی لە چیرۆکدا هەیە و ڕۆڵی لە گێڕانەوە کەمتر نییە،هەروەها وەسف لە پاڵ کورتکردنەوە و لابردن و دیمەندا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە خێراکردن و خاوکردنەوەی بزاوتی گێڕانەوە لە چیرۆکدا هەیە، بۆیە وەسف بە گرنگترین بابەت دادەنرێت بۆ زانین و دیاریکردنی تایبەتمەندی هەر بابەتێک،چونکە زۆر جار وەسف دەبێتە هۆی ئەوەی بابەتێکی کەم بایەخ،بەهایەکی گەلێک زیاتر وەربگرێت لەوەی هەیەتی، ۆیە وەسف لە کۆمەڵە چیرۆکی (دیجلە و تاوان)ی (حەسەن جاف)دا دەبینین چەندان وەسفی ڕووداو کەس و شوێن و چەندان چیرۆکی گرنگ لە خۆ دەگرێت.

### ١-١: ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوە لە ژێر ناونیشانی وەسف لە کۆمەڵە چیرۆکی (دیجلە و تاوان)ی(حەسەن جاف)دا. هەوڵدراوە وەسف جۆرەکانی لە چیرۆکەکاندا بخرێنەڕوو.

### ١-٢: هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوە:

وەسف گرنگی و کاریگەرییەکی زۆری هەیە بە تایبەتی لە چیرۆکدا، بۆیە منیش هەڵساوم بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر وەسف لە کۆمەڵە چیرۆکی (دیجلە و تاوان)ی(حەسەن جاف)دا.

### ١-٤: ڕێبازی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیە ڕێبازی (وەسف-شیکار) پەیڕەوکراوە.

### ١-٥: پلانی توێژینەوە:

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێک دێت. (بەشی یەکەم )پێکهاتووە لە پێشەکی و ناونیشانی توێژینەوە و هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوە و گرنگی و ڕێبازی توێژینەوە و پلانی توێژینەوەکە،

(بەشــی دووەم) تیـۆریەکەیە کە پێکهــاتووە لە زاراوە و چەمکــی وەســف و جۆرەکــانی وەســف کەسێتی-شوێن-ڕووداو، (بەشی سێیەم) پراکتیکییە وەسف لە کۆمەڵە چیرۆکی (دیجلە و تـاوان)ی (حەسەن جاف)دا جۆرەکانی وەسف لە چیرۆکەکەدا وەسفی کەس و شوێن و ڕووداو.

## 2: وەسف:

### 2-١: زاراوە و چەمکی وەسف:

مەبەست لە زاراوەی وەسف ئاماژەیە بۆ بەیاننامەیەک یان نوێنەرایەتییەک کە زانیاری دەربارەی کەسێک یان شتێک دەدات. بە شێوەیەکی گشتی سیفەت و تایبەتمەندی،یان وردەکارییەکانی کەسێک، یان ڕووداو، یان چەمکێک دەگەێنێت.زۆر جار وەسفێک بەکار دەهێنرێت بۆ پێشکەشکردنی تێگەیشتنێکی ڕوون و پوخت یان وێناکردنی ئەوەی کە باس دەکرێت. دەتوانین وەسف بریتی بێت لە پێدانی زانیاری ڕاستەقینە، یان ڕوونکردنەوەی ڕواڵەت یان تایبەتمەندییەکانی شتێک یان پێیدانی باسێکی زارەکی لەبارەی ئەزموونێک یان دۆخێکەوە،لە چوار چێوەی جۆراوجۆردا، دەتوانرێت وەسفەکان بە شێوەی نووسین یان پەیوەندی زارەکی و چەندین جۆری دیکەی دەربڕیندا بدۆزیتەوە. وەسف بە لای د.سیزا یەحمەد قاسمەوە((شێوازێکی دارشتنە شێوەی هەست پێکراوی شتەکان باس دەکات و دەیخاتە بەرچاو، دەکرێ بڵێین جۆرێکە لە وێناکاری)) (سەعید،٢٠١٤ل١٠) لەم پێناسەیەدا بۆمان دەردەکەوێت بەهای وەسف و وەسفکراو زیاتر لە ڕێی بینینی چاوەوە دەبێت هەرچەندە هەستەکانی دیکەی مرۆڤ کەم تا زۆر ڕۆڵیان هەیە لە بەرجەستەکردن یان وەسفی وەسفکراو وە هەروەها ڕەخنەکرانی کلاکسیک تا ماوەیەکی زۆر بەم لەم پێناسەیەدا بۆمان دەردەکەوێت بەهای وەسف و وەسف کراو زیاتر لە ڕێی بینینی چاوەوە دەبێت هەرچەندە هەستەکانی دیکەی مرۆڤ کەم تا زۆر ڕۆڵیان هەیە لە بەرجەستەکردن یان وەسفی وەسف کراو. وە هەروەها ڕەخنەگرانی کلاسیک تا ماوەیەکی زۆر بەم شێوەیە لە وەسفیان دەڕوانی((کە تەنیا ڕەگەزێکە بۆ ڕازاندنەوە و ئارایشدانی دەق، هەر بۆیە تا ڕادەیەک لەو وێنە و پەیکەرانە دەچوو، کە لە ڕازاندنەوەی کۆشک و تەلارە کلاسکییەکاندا بە کار دەهات و یەکێک بوو لە سیماکانی ناسینەوە و جیاکردنەوەیان)) (صالح،٢٠١٩،ل٣٥٤) لەم دیدگایەوە وەسف بوونێکی سەربەخۆی نەبوو بەڵکو وەک پاشەکۆیەکی گێڕانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. وەسف کە مەحاڵە لە هیچ چیرۆکێکدا بەرچاو نەکەوتبێت، یاخود ئاسان نییە هیچ چیرۆکێک لێی بەدەربێت.((باسکردنی شتەکان لەخۆدەگرێت و بە هۆی زمانەوە وێنا دەکێشێت))

(عوسمان،٢٠٠٨،ل١٧) واته بەخشینی وێنەیەکی زەمینییە لەسەر دیمەنێک یان کەسێک یان شوێنێک یاخود هەر شتێک بۆ خوێنەر. هەروەها وەسف هۆکارێکی سەرەکییە بۆ وەسفکردنی شوێن و ڕووداو کەسایەتییەکان و ناخی دەروونیان، ئەم وەسفکردنەش ڕێگا خۆشکەرە بۆ هاتنی ڕووداوەکانی تر، نووسەر بە ئاگایی یان بێ ئاگایی ئەم وەسفە بە کار دەهێنێت،هەروەها((خوێنەر بە هۆشیاری یان بێ ئاگا سەرنجی دابێ، ئەوا زمان و خوازە و وێنە لە بڕگەی وەسفی سەرکەوتوودا لەناو چیرۆک، کاریگەری پتر یان تەنیا لە کەشفکردنی سادەی ئاساییدا هەیە، چونکە ئەم کاریگەرییە عادەتەن ڕێ بۆ ئەو ڕووداوانەی دواتر دێن خۆشدەکات)) (عومەر،٢٠٠٥،ل٧٨) وەسف لە سەدەی هەژدەمدا بەم شێوەیە پێناسە کراوە: ((وەسف وێنەیەکە هونەری تێدا دەردەکەوێت، وەسفکردنیش تەنها کورت ناکرێتەوە بۆ ئاماژەدان بە شتێک لە شتەکان بەڵکو وەرگێڕانی شتەکانە بۆ شتی بینراو، لە ڕێگەی دەرخستنی زۆرترین تایبەتمەندی و پێکهاتەکانی، بەم شێوەیە کە ببێتە دەرخستنێکی زیندوو چالاک)) (عوسمان،٢٠٠٨،ل١٧) واتە ئەم بینینە بۆ وەسف جەختکردنەوەیە لەسەر قالبوونەوە لە بینینی ڕوانگەکاندا بەو واتایەی چەندە و سەر قووڵببێتەوە لە هەڵوەستەکردن و بینینی شتەکان ئەوەندە بەرەو وەسفکردن دەچێت تا وای لێدێت لە برِی وێنەیەکی هزری، وێنەیەکی بیندراو جووڵاومان پێشکەش دەکات. دوای خستنە ڕووی ئەم پێناسانە بۆمان دەردەکەوێت کە: وەسف شێوازێکی دارِشتنئامێزە، باسی ڕووکاری و هەستی و ناهەستی وەسفکراو دەکات و دەیخاتە بەر دیدە، ڕەنگێکی وێنەگرتنە چاو و دیدە دەدوێنێ و شێوە و ڕەنگ و سێبەرەکانی بۆ دەنوێنێ، هەڵگری کۆمەڵێک مانا و دەلالەتی سەربەخۆیە لەناو دەقدا، زانیاری لەسەر بابەت و شت و کاراکتەر و شوێن دەبەخشێت، پێشبینی دەکات و مەیلی چاوەڕوانی بەرەو بەردەوامبوون و بەدواداچوون لای خوێنەر دەڕووژێنێ. بەم شێوەیە مەحاڵە کە وەسف لە ناو هیچ چیرۆکێکدا نەبینرێت یاخود بەرچاو نەکەوێت بێگومان نووسەران زیاتر بە هۆی وەسفەوە دەقەکانیان پێ ڕازاندووتەوە و چێژ دەبەخشێت زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت.

وەسف: بریتییە لە ڕوونکردنەوە و پێدانی زانیاری دەربارەی شتێک بە شێوەیەکی ڕوون و ورد گشتگیر. بێگومان چەمکی وەسف لەنێو کایەی ئەدەبدا لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی سەردەم و گرنگی و بایەخ پێدانی زیاتری ئەدەب وەک بەشێکی دانەبڕاو و هاوبەش لە ژیانی مرۆڤدایە ((وەسف یەکێکە لە هونەرە گرینگەکانی تێکستی گێڕانەوەیی و کەم تێکست هەیە وەسفی تێدا نەبێت)) (سەعید،٢٠١٤،ل١٥) واتە وەسف خۆی لە خۆیدا زیاتر کەرستەیەکی بینای گێڕانەوەیە. وە هەروەها بە لای ( ڕۆلان بارت)ەوە ((وەسف بە یەکێک لەو ڕەگەزانە دەبینێت کە ڕۆڵی هەیە لە دروستکردن و چێژی دەقدا ،ئەو چێژەی وەسفییەش تایبەت و جیادەکاتەوە لە چێژێک، لە ڕێگەی خوێندنەوە چیرۆکێک بە دەستی دەهێنێت)) (قاضی،٢٠٢٠،ل١٢)" واتە وەسف تەنها بۆ خستنە ڕووی شتە بینراوەکان نییە، کاری وەسف کاریش هاوشێوەی کاری فۆتۆ.

## 2-2: گرنگی وەسف:

وەسف لایەنێکی بنەڕەتی و پەیوەندییە و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بوارە جیاوازەکاندا.ڕێگامان پێدەدات زانیاری بگەنین، بیرۆکەکان دەربڕین و هەستەکان وروژێنین بە پێشکەشکردنی باسێکی ورد یان وێناکردنی بابەتێک.جا وەسفکردنی کەسێک ، بێت یان شوێنن ، یان ڕووداو ، یان چەمکێک بێت،وەسفێکی کاریگەر یارمەتیدەرە بۆ دروست کردنی ئەزموونێکی زیندوو و سەرنجڕاکێش بۆ خوێنەر یان گوێگر ، هەروەها وەسف لە زۆر دەقی ئەدەبیدا چ شعر یان چیرۆک یان ڕۆمان یان هەر دەقێکی تری ئەدەبی بەخشانی بێت بەرچاو دەکەوێت.کۆمەڵێک بابەتی بەرچاویش لە خۆدەگرێت وەک :کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ژینگەی و سروشت و ئایین و لایەنی ماددی و مەعنەوی ...نووسەر کاتێک پەنا بۆ وەسف کردن دەبات ئەوە بێگومان مەبەستێکی خۆی تێدایە ، دەیەوێت قسەیەکی زیاتر بخاتە سە لایەن و شت و دیاردە و کەسێتییەکان مەبەستی ڕاستەقینەش بۆ وەسفکردن((چەسپاندنی ئەو دیمەنانەیە لە بیر و هۆشی خوێنەردا، کە بایەخێکیان لە چیرۆکەکەدا هەیە،وەک وەسفکردنی ئەو شوێنەی،دەبێتە شانۆی کارەسات و ڕووداوەکانی چیرۆکەکە،یان دیمەنێکی ئەوتۆ کە کارێکی گەورە بکاتە سەر ئەنجامەکەی)) (قادر،٢٠٠٩،ل١٠٧) واتە چیرۆکنووس بە هۆی وەسفەوە دەتوانێت گرنگی و

بایەخەکان بۆ بیر و هۆشی خوێنەر بگوازێتەوە.لە سەرەتادا وەسف هاوتای وێنەگرتنێکی فۆتۆگرافی و شێوە و بارودۆخ و شتەکان بووە وگواستنەوەی ئەم وێنانەو پێشکەشکردنێکی واقیعی ورد و تەواو بە پێویست زاندراوە.((وەسف لە کۆندا بریتی بووە لە ئاماژەدان بە شتێک بە هەموو ئەو بارودۆخ و شێوەیەیی کە پێکیان هێناوە، وەسفکردنی مرۆڤیشیان لە پێنج بواردا بینییەوە ئەوانیش خۆڕەوشت و خاسیەت و باش و ئافەریدەکردن و پێکهاتنیەتی هەروەها وەسفیان تایبەت کرد بە ئاژەڵ و ڕووەک و ئەرز و ئاسمان و ئاو و ئاگر و (مەی)شیان وەک یەکێک لەو بەشە وەسفەیان دانا)) (عوسمان،٢٠٠٨،ل١٢) واتە وەسف لە کۆندا بریتییە لە گێرانەوەی یان ڕوونکردنەوەی ئەو ڕووداوانە، کە کەسانێک، یان شتەکان، یان بارودۆخێک کە پێشتر ڕوویانداوە.دەکرێ بوترێ وەسف لە کۆندا تەنها کاری ڕازاندنەوەی ڕوخساری دەرەوە بووە. بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی ئەدەب و هونەر و ئەرک و وەزیفەی وەسفیش گۆڕا.ئەگەر پێشتر وەسف تەنها ڕووکەشی و دەرەوەی دەقێکی ئەدەبی دەگرتەوە. ئەوا وەسف لە ڕەخنەی نوێدا گوزارشت لە ناوەوە و دەروونی تاکەکان و هەڵچوون و سۆز و ئارامی دەروونیان دەکات. بۆیە وەسف((گرنگی دەداتە هەموو هەستە ناوەکیەکان، ئەوەی شایەنی وەسفکردنە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت سەرنجڕاکێشەر بێت چ لە ئاستی ڕووداوەکانی ڕۆژانە یان لەسەر ئاستی خەون و خەیاڵ و هواجس،هەروەها وەسف دیاردەی هەستی زانین دەگرێتە خۆ کە هەمان گرنگی زانینی هەیە،ئەگەر زیاتریش نەبێت)) (سعید،٢٠١٣،ل١٠١)، واتە ئەگەر بەلای هەندێک لە ڕەخنەگرانەوە وەسف تەنها ڕوخساری دەرەوەی شتەکان دەگرێتەوە، ئەوا بە لایەنی هەندێک ڕەخنەگرانی تر وەسف بە خەیاڵ و زمان و سۆز دەبەستنەوە.دەتوانین بڵێین لە پاش گەڕانم لەم سەرچاوانە گەیشتمە ئەو ڕاستەیەی کەوا وەسف لایەنێکی گرینگی جوانکارییە، نووسەران دەقەکانیان پێ ڕازاندووەتەوە، وایان کردووە خوێنەر زیاتر چێژ لەو دەقانە وەربگرن،وزیاتر بە دوای سەرچاوەی تر بگەڕێن بۆ ئەوەی بیر و هزریان فراوانتر بکەن. هەر بۆیە وەسف بنەمایەکی زۆر گرنگە نووسەر دەبێت زیاتر پابەندی بێت .

## 2-٣: جۆرەکانی وەسف:

وەسفەکان دەتوانن فۆڕمی جۆراوجۆر بگرنەبەر بە پێی زەمینەو مەبەستەکە، ڕەخنەگران بە گشتی جۆرەکانی وەسف بە پێی پەیوەندی نێوان وەسفکەر و وەسفکراو دیاری دەکەن.

## 2-3-1: جۆرەکانی وەسف بە گوێرەی وەسفکراو:

### 2-3-1-1: وەسفی دەرەکی:

ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە وەسف کە گرنگی بە دەرکەوتنی دەرەوە، تایبەتمەندی و تایبەتمەندییەکانی شتێک، کەسێک، یان شوێنێک دەدات، وردەکارییەکان سەبارەت بەو سیفەتە فیزیکییانە دەخاتە ڕوو کە دەتوانرێت دەرەوە چاودێری بکرێت. وە هەروەها وەسفی دەرەکی بریتییە لە وەسفی دەرەوەی وەسفکراو و گواستنەوەی وێنەی وەسفکراو بەو شێوەی کە لە ڕووکاردا دەردەکەوێ، بە ڕەنگ و قەبارە و وردەکارییەکانەوە (عبدلله خمار) پێیوایە ڕەگەزەکانی وەسفی دەرکی بریتییە لە (( شێوە و ڕەنگ و ڕووناکی و سێبەر و دەنگ و بۆنە و خواردن و بەرکەوتنەکان و جووڵە و زمان)) (عوسمان،٢٠٠٨،ل٣٦) ئەندامەکانی دەموچاو، چاوەکان دەم، لووت، نێوچەوان، قژ، مل و گەردەن، دەست و پێ، بالاش بە بەشە کانی وەسفی دەرەکی دەژمێردرێت لە پێکهاتەی لەشی مرۆڤدا. وە هەروەها تەمەن و جلوبەرگ و ئامرازەکانی جوانکاریش بە بەشەکانی وەسفی دەرەکی دادەنرێت.

### 2-3-1-1: وەسفی ناوەکی:

بریتییە لە وەسفی ناوەوەی وەسفکراو بە تایبەت وەسفی ئاکار و هەست و سروشتی ژیانی ناوەکی وەسفکراو. (د.احمد رحمانی)یش جەخت لەسەر وەسفی ناوەکی و وەدەرەکی دەکاتەوە دەڵێ: ( چیرۆکی تازە لە ئاشکراکردنی کارەکتەرەکاندا پشت بە یەکێک لەم دوو ڕێبازە دەبەستێت:

### -3-1-1-1: شیکاری دەروونی کارەکتەرەکان:

شیکاری دەروونی کارەکتەرەکان لە ڕێگای لێکدانەوەی هەر کارەکتەرێکدا بە پێی هەڵسوکەوتی و بە ڕەنگدانەوەی هەموو ڕووداوێک لە ناخیدا نووسەر هەوڵدەدات باری ناوەوەی کارەکتەرەکان بینێتە دەرەوە.

### -3-1-1-2: پشتبەستن بە وەسفی دەرەکی و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان:

پشتبەستن بە وەسفی دەرەکی و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان، ئەم جۆرە نووسەرانە گرنگی نادەن بە لێکدانەوەی بۆ چوون و سۆزی کارەکتەرەکان بەڵکو گرنگی بە وەسفی دەرەکیان دەدەن. دەرفەتێک بۆ خوێنەر جێدەهێڕن تاوەکوولە ڕێگەی هەڵسوکەوتی دەرەکییەوە زانیاری لەسەر دەروونی کارەکتەرەکان بە دەست بێنێت)) (عوسمان،٢٠٠٨،ل٢٤) لێرەدا وەسفەکە تەنیا لە ڕووی دەرەوە بە خستنە ڕووی وێنە و مەشاعیر و کردارەکانیان دەوردەدرێت. دەتوانین بڵێین وەسفی ناوەکی کارەکتەرەکان بریتی لە ژینگەی سروشتی و کومەلایەتی، ئاستی زیرەکی و هۆشیاری، کلتووری و ئاستی کۆمەڵایەتی، لایەنی هەڵچوون و ویژدانی و پاڵنەرەکان.

### -3-1-1-3: وەسفی کورت:

وەسفی کورت: بریتییە لە وەسفی کورتە وەسفێک پوختەیەک یان پێشەکییەکی پوختەکە کورتەیەک لە بابەتێکی دیاریکراو، یان چەمکێکی دیاریکراو دەخاتە ڕوو. ئامانجی ئەوەیە کە تێگەیشتنێکی خێرا و پوخت لە بابەتەکە دابین بکات بە بێی ئەوەی بچێتە ناو وردەکارییەکانی فراوانەوە. بەشێک لە لێکۆڵەران پێیدەڵێن وەسفی هەڵبژاردن (( بریتییە لە وەسفی بەشێک یان هەندێک لە پێکاتە و حاڵەت و دەرکەوتەی وەسف کراو)) ( عوسمان،٢٠٠٨،ل٢٤) دەتوانین بڵێین ڕەنگە تویژەران لە ڕاستیدا ئەم چەمکە بەکار بهێنن بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی هەڵبژاردنەکان، وەسفەکان دەتوانن هەر زانیارییەک یان تایبەتمەندییەکی پەیوەست بە هەر بژاردەیەک لە خۆ بگرن.

### 2-3-1-1-4: وەسفی درێژ:

وەسفی درێژ: وەسفێکی درێژ زانیاری گشتگیر و ورد سەبارەت بە بابەتێکی دیاری کراو یان چەمکێک دەدات. بە پێچەوانەی وەسفی کورتە، وەسفی درێژ قووڵتر لە بابەتەکە دەسوورێتەوە و ڕوونکردنەوە وردەکارییەکانی ک پشتگیری زیاتر دەخاتە ڕوو. ئامانجی ئەوەیە تێگەیشتنێکی ورد لە بابەتەکە دابین بکات.(( بریتییە لە وەسفی هەموو یان زۆربەی پێکهاتەو حاڵەت و دەرکەوتی وەسفکراو، بەشێک لە لێکۆڵەران بە وەسفی لێکۆڵینەوەی ناوی دەبن)) (عوسمان،٢٠٠٨،ل٢٤) واتە لێکۆڵینەوەو ئاماژەدان بە زۆرترین وردەکارییەکانی وەسفکراو.

### 2-3-: جۆرەکانی وەسف بەگوێرەی وەسفکەر:

### 2-3-2-1: وەسفی بابەتی:

وەسفی بابەتی: وەسفکردنی بابەتێک بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ کورتەیەک لە تێروانینێکی گشتی یان پوختەی ئەو ناوەڕۆکەی کە لەناو ئەو بوارە داهاتووە. زانیاری دەربارەی مەوداو ئامانجەکانی بابەتەکە دەدات.(( بریتییە لەوێناکردنی وەسفکراو وەک ئەوەی کە هەیە. بەبێ تۆمارکردنی هەڵچوون و هەستەکان، وە هەروەها بێ دەرخستنی هیچ جۆرە هەڵوێستێک بەلکوباسکردنی وەسفکراو بە شێوەیەکی ڕووت و بێ لایەنە)) (عوسمان،٢٠٠٨،ل٢٦) ئەم جۆرە وەسفە لە چیرۆکی واقیعیدا دەبیندرێ کە تیادا گێڕەڕەوەی تەقلیدی وەسفی پێکهاتەوە ڕەگەزە جیاوازییەکانی وەسفکراو دەکات بۆ تێگەیشتن لە لایەنەکانی شوێن و کارەکتەری ناو چیرۆک مەبەش خوێنەر بە کۆمەڵێک زانیاری دیاریکراو و دەوڵەمەند دەبێت.

### 2-3-2-2: وەسفی خودی (ویژدانی):

وەسفی ویژدانی ئاماژەیە بۆ هۆشیاریی ئەخلاقی ناوخۆیی یان هەستی ڕاست و هەڵە کە ڕێنمایی بیرکردنەوەو کردار و بڕیارەکانی کەسێک دەکات،واتە(( بریتییە لە دووبارە دروستکردنەوەی وەسفکراو بە پێی بینینی خودی وەسفکەر، وەسفکراو بارگاوی دەکات بە هەست

و هەڵچوون و ئەزموونەکان)) (عوسمان،٢٠٠٨،ل٢٦) واتە ئەم وەسفە سنووری دیاردە و چەمکە زانستییەکان تێکدەشکێنێت و بە قووڵی گرێدراوی دڵەڕاوکێیەکانی مرۆڤ و کاتێک کە پرسیاری بەرامبەر چەمکەکانی گەردوون هەیە.

## 3-3-2: وەسفکردن لەسەر بنەمای رەگەزەکانی چیرۆک:

### ٢-٣-3-1: وەسفی کەسێتی:

وەسف کردنی کەسایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەناو چیرۆکەکاندا (( چیرۆکنووس لە بنیاتی کەسایەتییەکاندا هەوڵیداوە، بە شێوازێکی جوان کەسایەتییەکان لە ڕووی ڕوخسار و شێوە و باری دەروونییەوە دەربخات و وەسفیان بکات، وەسفەکانیش شێوەی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێ بە پێی بارودۆخی تایبەتی ئەو کەسایەتیانەی کەوا بنیاتی ناوە لەناو چیرۆکەکاندا، وەسفەکانی کەسایەتییەکانیش بە شێوەیەکی گشتی لایەنی جەستەیی و دەروونی دەگرێتەوە، یان زۆرجار حاڵەتی تایبەتی کەسایەتییەکان وەسفی دەکات. ئەمەش زیاتر لایەنی شیکاری کەسایەتییەکان دەگرێتەوە)) (سعید،٢٠١٣،ل١١٢) واتە وەسفی کەسایەتی زیاتر خۆی لە وەسفکردنی لایەنی جەستەیدا دەبینێتەوە.

### ٢-٣-3-٢: وەسفی شوێن:

چیرۆکنووس لە وەسفی شوێنەکاندا هەوڵیداوە شێوەیەکی ڕازاوەی جوان ببەخشێتە دەقی چیرۆکەکانی. شوێنەکان بە جۆرێک پیشاندەدات تا واقعیەتی زیاتر ببەخشێتە دەقی چیرۆکەکەی، هەروەها جیاکردنەوەی باسی شوێن لە وەسف کارێکی زەحمەتە، باسی شوێن بەبێ وەسف شوێنێکی ڕووتەڵەی لێ دەوەستێت، چونکە وەسف گیان دەبەخشێتە شوێن جێگەیەکی بڵندی دەداتێ لەنێو پێکهاتەی تری گێڕانەوەدا. گرنگترین شێوازیش کە پەیڕەو دەکرێت لە بەرجەستەکردنی شوێندا وەسفە. (( وەسف هۆکارێکی بنچینەییە لە وێنەگرتنی شوێندا هەوڵدانێکە بۆ بەرجەستەکردنی دیمەنێک لە جیهانی دەرەکی لە تابلۆیەکی دروست کراو لە وشە ))

(سالح،٢٠٠٦،ل١٨٧) واتە نووسەر کاتێک وەسف دەکات تەنها وەسفی واقیع ناکات، بەڵکو واقیعێکی ئاوێتەی پێکهاتووی هونەری، واتە وێنەگرتنێکی بابەتی نییە بەڵکو وێنەگرتنێکی هونەرییە.

### ٢-٣-3-٣: وەسفی ڕووداو:

ژیـــانی مـــرۆڤ پێوەســـتە بە ڕووداوە، چـــونکە (( ژیـــان پـــڕە لە ڕووداو، جۆراوجـــۆری ڕووداوەکانیش لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتی و، هەروەها لە بەهاداری و بێ بەهایی و، خۆشـی و ناخۆشـــی و ناوبـــانگی و قێزەونـــی و ...هتـــد بەردەوامـــی ژیـــانن)) (ابـــراهیم،٢٠١٣،ل٥٣) واتە هەڵسـوکەوتی مـرۆڤ لە هەر بوارێـک لە بوارەکـانی ژیانـدا، دەکـرێ هۆکـاری هێنـانە ئـاراوەی دروستبوونی ڕووداو بێت، بۆیە جووڵە و گەشە و گۆڕانی مرۆڤ سەرچاوەی بنەڕەتی و زگماکی دروستبوونی ڕووداوە لە ژیاندا.

## 3 وەسف لە کۆمەڵە چیرۆکی (دیجلەو تاوان)ی (حەسەن جاف)دا:

### ١-٣ :جۆرەکانی وەسف:

لەم کۆمەڵە چیرۆکی (دیجلە و تاوان)ی (حەسەن جەاف)داچیرۆکنووس لە زۆرێک لە چیرۆکەکانی دا جۆرەکانی وەسفی بەکارهێناوە وەک وەسفی کەسێتی-وەسفی شوێن-وەسفی ڕووداو .

### ١-١-٣ :وەسفی کەسێتی:

مرۆڤ سروشتی کەسییێتی خۆی بەهۆی ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەوە دیاری دەکات کە لە ژیانی تایبەتی خۆیدا دەیاننوێنێ، لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس لە کۆمەڵە شوێنێک وەسفی کەسەکان دەکات بۆ نموونە لە چیرۆکی جەنابی بەڕێوەبەری گشتی چیرۆکنووس دەڵێت (کابراییێکی زلەی تێک سمڕاوی لووت لە هەور چەقی و هاتە دەرەوە و چاوێکی پڕ لە خۆبایی بوونی بە خەڵکەکەدا گێڕا) (جاف،٢٠١٠،ل٤٦) واتە چیرۆکنووس هەوڵیداوە وەسفی کەسێتی لە خۆبایی بوون و خۆ بە گەورە زانینی بەڕێوەبەری گشتی بکات، هەروەها لە چیرۆکی پاشای شارەکەمان چیرۆکنووس دەڵێت (ڕۆژێکیان پاشا دوای ئەوەی بە ناو شاردا دەسووڕێتەوە و ئەو حال و بارە دەبینێ... فەرمان دەردەکا کە دەبێ هەموو کەسێک جلوبەرگی جوان بپۆشێ و پێڵاوی تازە لە پێ بکاو ڕیش بتاشێت و ژنانیش دەبێ ئارایشت بکەن و خۆ بڕازێننەوە و لەگەڵ پیاوان بێنە سەر جادە و لە پێشوازی پاشاکەیاندا بن) ( جاف،٢٠١٠،ل١٨) لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس وەسفی کەسێتی پاشا دەکات کە دەبینێت خەڵکەکەی لە کاتی پێشوازی کردندا جلوبەرگی کۆن و دڕاویان لە بەرە بۆیە فرمان دەکات کە ئەمجارە بە جلوبەرگی جوان و ڕازاوە پێشوازی لە پاشاکەیان بکەن .

### ٣-١-٢:وەسفی شوێن:

ژیانی مرۆڤ بەستراوەتەوە بە شوێن, بۆیە مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا شوێنێک بۆ مانەوەی دروست دەکات, کە کەسایەتی خۆی تیا بنوێنێ لە چیرۆکی (دیجلە و تاوان)ی (حەسەن جاف)دا چیرۆکنووس لە کۆمەڵە شوێنێک وەسفی شوێن دەکات بۆ نموونە لە چیرۆکی پاشای شارەکەمان چیرۆکنووس دەڵێت (شارێک هەبوو هەمیشە تاریک بوو... ئاسمانی ئەو شارە بێ هەتاو و مانگ و ئەستێرە بوو... خەڵکەکەی برسی و ڕووت و پێ خاوس... هەژاری وای کردبوو زۆربەی خەڵکەکەی زەرد و لاواز و بێ هێز بن) (جاف،٢٠١٠،ل١٨) واتە چیرۆکنووس هەوڵی داوە وەسفی شوێنی ئەو شارە بکات کە هەژاری ڕووی تێکردووە، هەروەها لە چیرۆکی ڕێی هات و نەهات چیرۆکنووس دەڵێت (ڕێگا تووله ڕێیەکی باریکی پێچاوپێچە, ئەڵێی مارەو لە ترسی زرمەی تۆپ و گورەی هەلیکۆپتەر ڕائەکات تا خۆی بکا بە کونێکدا) (جاف،٢٠١٠،ل٢٤) واتە چیرۆکنووس وەسفی شوێنی ڕێگا دەکات.

### ٣-١-٣ :وەسفی ڕووداو:

ڕووداو یەکێکە لەو بنەمایانەی کە گرنگییەکی زۆری هەیە لە چیرۆکدا، چونکە هیچ چیرۆکنووسێک ناتوانێت دەقی چیرۆکێک بەرهەم بهێنێت بە بێ ڕووداو، بۆ نموونە لە چیرۆکی (یاسای شارێک) چیرۆکنووس دەڵێت (بە هێمنی و لەسەرەخۆ هەردوو دەستیان لە دواوە بەست و کوشتیان) (جاف،٢٠١٠،ل٤٢) لێرەدا چیرۆکنووس مەبەستی ئەوەیە کە کەسێک کوژراوە واتە ڕووداوێک ڕووی داوە, هەروەها لە چیرۆکی (پاشای شارەکەمان) چیرۆکنووس دەڵێت (پیاوەکانی پاشا ڕەنگ هەڵبزرکار وتف لە دەمیان وشک ببوو بە ترس و لەرزەوە گوتیان) ( جاف،٢٠١٠،ل١٩) لێرەدا ڕووداوێک ڕوویداوە، کە پیاوەکانی پاشا لە ترسی ئەوەی نەوەک پاشا بیانکوژێت بۆیە ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو

# ئەنجام

لە کۆتایدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە:

1. لە کۆمەڵە چیرۆکی (دیجلە و تاوان)ی (حەسەن جاف)دا وەسف پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ توخمەکانی گێڕانەوەدا هەیە، چیرۆکنووس لە ڕێگەی وەسفەوە زانیاری زیاتر لە بارەی کارەکتەر و شوێنەکانەوە پێشکەش بە خوێنەر دەکات .
2. لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا وەسف یەکێکە لەو تەکنیکانەی، کارەکتەر و شوێن و شتەکان بناسرێت و بە هۆی میکانیزمی هونەری تیشک بخوێتە سەر وردەکارییەکان و خاڵی جیاکەرەوەیان.
3. هەروەها لە کۆمەڵە چیرۆکی (دیجلە تاوان)ی (حەسەن جاف)دا ، وەسف هەڵگری مانا و دەلالەتی جیاوازە و بەشێکی گرینگی پانتایی چیرۆکەکە پێک دێنێت.

# لیستی سەرچاوەکان


- **کتێب:**

1. هیلز،ڕست(٢٠٠٥)،چیرۆک و تایبەتمەندییەکانی، چاپی  یەکەم ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ،هەولێر.

- **نامە ئەکادیمییەکان**

2. أبراهیم،سەرکەوت عمر(٢٠٠٨)،بنیاتی هونەری لە ڕۆمانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،نامەی ماستەر،بەشی کوردی،کۆلێژی زمان،زانکۆی کۆیە.
3. سەعید،بەیان مەجید(٢٠١٤)،بونیاتی وەسف لەڕۆمانی (شار )ی (حسێن عارف)دا، نامەی ماستەر ،بەشی کوردی ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی.
4. سحید،سەیوان محمد طاهر(٢٠١٣)،بنیاتی هونەری لەچیرۆکەکانی دکتۆر (کاوس قەفتان )دا، نامەی ماستەر ،بەشی کوردی ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
5. صالح،ئاوارە کەمال(٢٠١٩)، شێواز لەڕۆمانی کوردیدارۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکە سوور)بەنموونە،نامەی ماستەر ، بەشی کوردی ، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین
6. عوسمان ، کاروان مهدی(٢٠٠٨) ،تەکنیکی وەسف لەڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی )دا،نامەی ماستەر ،بەشی کوردی ، کۆلێژی زمان ،زانکۆی کۆیە.
7. قاضی،ڕەوەند حمە جزا(٢٠٢٠)،ئستاتیکای وەسف لەچیرۆک شعرەکانی (ئەنوەر قادر محمەد)دا ،نامەی ماستەر ، بەشی کوردی ،کۆلێژی زمان  ، زانکۆی زانکۆی سلێمانی.
8. قادر،کارزان محسین(٢٠٠٩)،سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لەنێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٠،نامەی ماستەر ، بەشی کوردی ،کۆلێژ زمان ، زانکۆی سەلاحەدین.

خلاصة البحث:

يعد الوصف من أهم الأنواع القصصية وله علاقة قوية مع الأنواع الأخرى من القصة، لذلك يحتل الوصف مساحة واسعة في بنية القصة ويلعب دورا كبيرا في بنية القصة. يستطيع الراوي إعطاء المزيد من الشرح والوضوح للقارئ من خلال الوصف ويشرح الكثير من خفايا القصة للقارئ من خلال الوصف. يعد هذا البحث محاولة لعرض أهمية الوصف في المجموعة القصصية لحسن جاف (دجلة الجريمة)، ويتكون البحث من ثلاثة أجزاء. (الجزء الأول) يتكون من المقدمة وعنوان البحث وسبب اختيار البحث وأهميته ومنهجية البحث وخطة البحث، (الجزء الثاني) النظرية التي تتكون من مصطلحات ومفاهيم الوصف وأنواع الوصف في ديوان حسن جاف قصص (دجلة والجريمة)، وأنواع الوصف في القصة هي أوصاف الأشخاص والأماكن والأحداث، وأخيرا تم عرض النتائج وقائمة المصادر وملخص البحث باللغتين العربية والإنجليزية.

Research Abstract:

Description is one of the most important genres of story and has a strong relationship with other genres of story, so description occupies a wide space in the structure of the story and plays a significant role in the structure of the story. The storyteller can give more explanation and clarity to the reader through description and explains many of the hidden things in the story to the reader through description. This research is an attempt to present the importance of description in Hassan Jaf's collection of stories (Tigris of Crime). The research consists of three parts. (Part 1) consists of the introduction, title of the research, reason for choosing the research, importance, research methodology and research plan, (Part 2) the theory that consists of terms and concepts of description and types of description In Hassan Jaff's collection of stories (Tigris and Crime), the types of description in the story are descriptions of people, places and events. Finally, the results, list of sources and summary of the research are presented in both Arabic and English.